

# یادێک لە "مام عەلی عەجەم "

نووسینی: ئەمیر قازی

ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد

سوئید ٢٠٢٢

پێشکەش بە ڕووحی پاکی مام عەلی عەجەم کە زۆری زەحمەت و جەفا بۆ نەتەوەی کورد کێشا...

هاوینی چەند ساڵێکی ڕابردوو، لە ئوردەگای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیدارێک دەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری، نازانم چۆن بوو کە باس و یادێک لە " مام عەلی عەجەم " کۆنە پێشمەرگەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاتە ئاراوە.

کاک مستەفا " مام عەلی " نەدیتوە، مام عەلی وەک دەگووترێ ئی دەورانێکی لە پێشترو و قەدیمی ترە، ئەوەندیە هێندێک لە قسە سەیرو سەمەرەکانی ناوبراوی بێستووتەوە دەنا وەک من دەگەڵی هاوزەمان و هاوکار نەبووە.

لەو دانیشتنەدا کاک مستەفا پێشنیاری بە من کرد کە بە حوکمی پێکەوە بوون و هاوخەباتی ساڵانی پێشتر، یادوو بیرەوەریەک لەم کەسایەتیە گومناو، تایبەتی و بە ئەرک و ئەمەگە بکەمەوە. هەڵبەت کورت و کرمانجی، دەنا زیندە یاد " مام عەلی عەجەم" هەوێنی گەلێک چیرۆک و کتێبە.

کەسایەتیی بە نێوی " مام عەلی عەجەم " پێشمەرگەی بە وەفا بۆ خزمەتی کورد و کوردستان، مام عەلی بە قەد و باڵا پیاوێکی مام ناوەندی، چوست و چالاک، هەڵپێچراو بە کاڵەو زەگاڵەوە، سوور و سپی، سەر تاسی تەپەلە لەسە و

دایم پاک و خاوین و ڕدین تاشراو، بە جووتە چاوێکی چکۆلەی زیت بە ڕەنگیی کاڵ، کە چیرۆکی پیاوێکی وردبین، خاوەن هەست و شعوری دەگێڕاوە.

دیارەدەی دیکەی زۆر بەرچاوی "مام عەلی " لە مام عەلی بەدەر، تفەنگێکی برنوێ درێژی دار بەڵەک، بە دوو قەد فیشەکدانەوە کە خەنجەرێک و دوو دانە دار جگەرە لە دار بەڵا لووک دەبەر ڕادەکرد، هەروەها جووتە سمێلێکی سپی بادراوی بابڕ کەسایەتێکی وەک کەس نەچووی لێ ساز کردبوو.

من یەکەم جار " مام عەلی "م لە گەورە دێی ئەوزەمان و شاری ئێستای سەنگەسەر لە نیزیک قەلادزێ، چاوم پێکەوتووە. ئەو زەمان دەگەڕێتەوە بۆ ئاخرو ئوخریەکانی زستانی ساڵی ١٩٦٣ی میلادی، ئەو کاتەی کە هێرشی بەربڵاوی سازمانی ئەمنییەتی زەمانی شا، بۆ سەر تەشکیلاتە نهێنیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، منیش دەگەڵ، ڕۆژهەڵاتی وڵاتی گرتەوە.

لەو هێرشە بەربڵاوەدا من وەبەر نەهاتم و وێرای گشتە کادر و خەڵکێکی دیکەی ئەندامی حیزب، پەڕیوەی باشووری

کوردستان ببووم و له بارەگای سەرەکی حیزب لەوێ خۆم گرتبووه.

وەک بۆ خۆی دەیگوت: "مام عەلی " دەبێ پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بووبێ و پاشی هەرەسی کۆمار ئاوارە و پەریوەی عێراق بووبێ و لەو وڵاتەدا دەستی داوەتە کار وەک دەڵێن "هەرچی پێش ئاید خۆش ئاید "، له پێنەچێتی، کەنکەنەچێتی و کەریز هەڵقەنی ڕا بگره تا دەگاتە باغداری و ئاشپەزی و... کاری کردووه و له کووره دەرچووی هەمه کار و شوغلێک تەنانەت کاری دوکتۆریش.

چت لێ پرسیبا نەیدەکوت نازانم، ئاگام لێ نییه، وایان وانا قەناعەتی خۆی دەکوت دەبوو لێشی قەبووڵ کەی ئیدی جێی باس و قسه نەبوو.

دەبێ بگووترێ که " مام عەلی " زۆر پێشتر هەر له زەمانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوه ١٩٦١ حیزبی دێموکراتی ئەو دەورانی دیتبۆوه، ببوو به پێشمەرگه و وەک باقیی هاورێیان ڕەگەڵ شۆڕشی نەتەوەیی له باشووری کوردستان کەوتبوو ئەم تفەنگه برنۆ درێژه دار خاڵخالەشی وەک دیاریی له شەهید " ئەحمەد تۆفیق " بەرپرسی یەکەمی ئەو دەورانی حیزب پێگەیشت بوو.

مام عەلی لەسەریەک و بە تایبەتی لەناو حیزبی دێموکراتی ئەو زەمان خۆشەویست بوو و ڕێزی لێدەگیرا، لە هەر بنکە و پێگەیەکی حیزب بایە چاوی حورمەتی لەدوا دەبوو.

بە بۆ چوونی من " مام عەلی "کەسایەتێکی خەیاڵاتی و فانتیزیست بوو. خەیاڵاتی خۆی لێ دەبوو بە ئەمری واقیع و ڕاستی، هەرچێکی لە ڕابردوو دا پێی خۆش بووبێ کە بێ و هەبێ خۆی لێ دەبوو بە هەمان کەس و بەو حیساب تێکەڵاوی بەسەرهاتەکانیش دەبوو و دەچۆ ناوەوە.

هەرچۆن و بە هەر ئاوایەک " مام عەلی " بە ڕەگەز کابرایەکی ئازەری و خەڵکی ئازەربایجان ئێران بوو. کام شار و کێهە ناوچە؟ مەعلووم نەبوو. نەیدەکوت، یان هەر وا بە کەیفی هەردەم لە شوێنێک، سەییار لە دایک ببوو.

ئەوەی مەعلوومە " مام عەلی " لە زەمانی ڕەزاشا ئەرتەشی بووە، قەزاق یان نەوعی دیکە بە تەواوی ڕوون نەکرابۆوە. بە قەولی خۆی دەبێ لە هەنگی " لایەمووت "ی زمانی پەهلەوی دا خزمەتی کردبێ.

دواتر کەوتۆتە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانەوە و لەو ڕێیەوە کەوتۆتە کوردستانەوە و بە وتەی خۆی بۆتە پێشمەرگە، گەلێک جاریش دەبێ چوویێتە خزمەت پێشەوا

و لەقەبی " دایی علی " واتە " خاڵە عەلی " لە پێشەوا وەرگرتبێ.

پاش هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان مام عەلیش ویرای خەڵکێکی دیکە ئاوارە دەبێ، تازە ئیدی ڕووناکاتەوە زادگای، بەرەو سنووری باشووری کوردستان دێ و لە ناوچەی سەردەشت خۆ دەگرێتەوە، بۆ بژیویی ڕۆژانە دەبێ بە کاریز هەڵقەن، لە ویرا پێرزە دەکا و خۆ دەگەیەنێتە باشووری کوردستان ناوچەی ڕواندز و لەویش هەر کاریزکەنی دەگرێتە بەر.

زۆر جار کە دادەنیشتینە قسەوباسان، " مام عەلی " لەسەروێ و گوندەکانی ڕەواندز و دەورووو بەری شەقڵاواش شناسایی و شارەزایی دەداینێ.

من پێم سەیر بوو نەمدەزانی " مام عەلی " ئەو زانیارانە لە کوێرا دێنێ؟ تا ڕۆژیکێیان پێکەوە چووبووینە بارەگای بارزانی. ئەو ڕۆژە لەوێ مەلایەکمان چاو پێکەوت بە نێوی"مەلاساڵحی ئاختەقەر ".

وەک لەنێوی ڕا دەردەکەوت خەڵکی دێی ئاختەقەر لە ڕۆژهەڵاتی وڵات. مەلای ناوبرا کۆنە دێموکراتی دەورانی کۆماری کوردستان کە لە هەرەسی کۆمار دا ئەویش بەرەو

باشووری کوردستان دەرەوێ و لە ناوچەی ڕەواندز خۆ دەگرێتەوە و دەبێتە مەلای گوندان.

ئەو مامۆستا ساڵحە هەر بە سیفەتی ئاشنایەتی زەمانی کۆمار، لە لای بارزانیی نەمر ئیحتیرامی هەبوو و گەلێک جار لەوێ دەبیندرا، لەو بارە با ئەوەندەش ڕوون کەمەوە و بێلم کە مامۆستا پیاوێکی ئێسک قورسی دوو زمان و ناخۆشەویست بوو، لە لای بارزانی شکایەتی لەم و لەو دەکرد. با دوورنەکەومەوە دەنا لەسەر ئەو مامۆستا مەلا ساڵحە نەقلم لەلا هەیە.

هەرچۆنێک بێ لەوسەفەرە دا بۆ بارەگای بارزانیی نەمر، مەلا چاوی بە " مام عەلی " کەوت و پێکەوە دایانکوتایە خۆش و بێش. لام سەیر بوو بۆیە پرسیم: مامۆستا جەنابت " مام عەلی " چۆن دەناسی؟

کوتی: هەیهوو فلانەکەس " مام عەلی " لە دەورانی قەدیم و پێش شۆڕشەوە " مام عەلی " لە دەورووبەرە ڕا تا دەگاتە نیزیک هەولێر، کارێز، بیرو چاڵاوی بۆ خەڵک لێدەدا.

ئیدی تێگەیشتم چیرۆکەکانی " مام عەلی " ئی واشیان لێ هەڵدەکەوێ ڕاستن و دوورن لە خەیاڵاتەکانی.

گێرەوکێشەی چەندین ساڵەی " مام عەلی " لە کوردستان فێری زمانی کوردی کردبوو بەڵان بە لەهجە و دیالێکتی ترکی زمانی دایک و بابی خۆی بەرەوانی لەبیر نەمابوو. من جار جار بە ترکیێ ئازەری دەمدواند بە گریوگۆڵ قسەی بۆ دەهات. من کە لە منداڵیەوە فێر بووم و دەیزانم لەوە حاڵی ببووم " مام عەلی "کەم و کەسری کەوتۆتە ترکیەکەی.

تەکیە کەلامی " مام عەلی " وشەی " قەحبەباب " بوو کە بە فورمی " گەهبەباب " بەکاری دێنا بە بێ ئەوە کە مەبەستی جنێو و سووکایەتی بەکاری بێنێ.

" مام عەلی " کەسێکی نەخوێندەوار بوو، بەڵان زانست و ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئەندازە و ڕادە خۆیدا هەبوو.

زۆر جار شارەزایی خۆی لەسەر کێشە نیزامیەکانیش بە تایبەتی لە مەڕ زەمانی ڕەزاشای پەهلەوی و هەنگ و یەکەکانی نیزامی دنیا گۆڕیێ.

بێجگە لەوانەش خۆی بە کەسێکی چەپ، تەنانەت جار جار بە کۆمۆنیستیش لە قەڵەم دەدا بۆیە مامۆستا "هێمن" لە قالبی گاڵتە و گەپ دا هەموو جارێ دەیکوت:

درۆ دەکا دەڵێ سەوادم نییە، شەوانە ئەو کتێبە تاریخیانە دەخوێنێتەوە و سبەینان بەسەرهاتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لەوانە تێپەر وەک باس کرا دید و بەرچاوی خەیاڵاتی "مام عەلی " گەلێک هەرا و بەر بڵاو بوو، نە زەمانی دەناسی و نە مەرز و سنووری لەبەر بوو نە بە ڕاست و حەقیقەتیش بەراورد دەکرا، هەروا بە خەیاڵ خۆی داویشتەناو چ وابا، و چ نا هیچ ئیتعتیراز و ڕایەکی جیاوازیش لە لایەن " مام عەلی "یەوە وەرنەدەگیرا. واهەبوو " گەهەباب "یەکیش تەحویلی لایەنی گویگر دەدرا.

" مام عەلی " وای دەنواند کە چەپە و چەپێکی مارکسیست لێنینیست، بە خەیاڵی ئەم مارکسیزم لێنینزمەشی لە شەخسی لێنینەوە پێبڕاوە چونکە بە قسەی خۆی لێنینی دیبوو و وتووێژی دەگەڵ کردبوو.

لێنین قەناعەتی پێکردبوو ئەم ئیدە و فەلسەفەیە قەبووڵ بکا کە لێنین لە جیهاندا بڵاوکردۆتەوە و ئەویش بە دڵ و گیان لێی وەرگرتووە.

لەو دیدارەدا لێنین لە باوەشی دەگرێ و چەنەگەی ماچ دەکا، لەو ڕۆژەوە " مام عەلی " وەک خۆی لێنین تەنکە

ڕیشێکی لەسەر چەنەی خۆی دەهێشتەوە و نەیدەتاشی ڕمزی دیدار بوو دەگەڵ لێنین.

لەوەش زیاتر" مام عەلی" لای وابوو " یوری گا گارین "یشی دیوە، ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمین جار لە سۆویەتی قەدیم ڕانیردا بۆ سەفەری ئاسمانان کە لە گەرانەوەدا " مام عەلی" دەیبینێ و تەنانەت کێشە و جەدەلیشی دەگەڵ دەکا.

لەو کێشە " مام عەلی "بەرگری لە ناسیونالیزم دەکا و گاگارین لە مارکسیزم . لێنینیزم کە باسەکەشیان بە سەرکەوتنی " مام عەلی "تەواو دەبێ و گاگارین پاشەکشە دەکا، چونکە " مام عەلی " لێی دەپرسی:

. تۆ کەنگێ و لە کوێی گەڕان بە دەوری جیهاندا زۆر شاد و کەیف بووی؟

لە جوابدا گاگارین دەڵێ: ئەو کاتەی کەشتیە هەواییەم دەکەوتە سەر شارەکەم مۆسکۆ!

مام عەلی پێدەڵێ: " گەهبەباب " دە ئەوە هەر خۆی ناسیونالیزمە.

ئیدی گاگارین بۆڕ دەخوا و قسەی پێنامێنێ.

" مام عەلی " بە عەلاقە و خۆشەویستیەوە دەیڕوانییە یەکێتی سۆویەتەوە. پێی وابوو لەوێ جێ پێی هەبووە و لەسەر کێشە و هەڵومەرجەکانی ئەوێ شارەزایی هەیە. لای وابوو کوڕیکیشی هەیە و لەوێیە، خوێندۆیەتی و بۆتە دکتۆر و نێویشی " سیامەند عەلی یۆڤ "ە.

بەڵان ڕوونی نەدەکردوە ئایا لە وڵاتی ئێران ژنی هێناوە و کوڕی بووە و ناردۆیەتە وێ بۆ خوێندن، یان لە هاتووچوویەکانی خۆیدا بۆ وڵاتی سۆویەت لەوێ ژنی هێناوە و دوکتۆر " سیامەند عەلی یۆڤ" لەو ژنەی ئەویەتی و لەوێ بەجێماوە.

بۆ ئەمانەش وەک کوترا " مام عەلی " پرسیار و پرسیارەکانی بە هێندنەدەگرت، وایە و دەبوو هەر واشی وەربگرێ.

لەو پێوەندیەدا جاریکێیان لە بنکەی چاپخانەی شۆڕشی ئەیلول لە مامۆستا " هەژار " و مامۆستا " هێمن " و مامۆستا " هێدی " لەوێ کاروباری ڕۆژنامە و چاپەمەنی شۆڕشیان بەڕێوە دەبرد و " مام عەلی "ش لە لایان دەماوە، دانیشتبووین کوڕە گەنجێکی خوێندکار کە بوورس و زەمالەی خوێندنی لە شۆڕش ڕا درابوویە تا بچێتە مۆسکۆ

و لەوێ دەوام بە خوێندن بدا، سەروکەلەی لە چاپخانەکە پەیدابوو و کوتی: هاتووم " مام عەلی "یاریدەم بدا ئادرەیس و شوێنی کورەکەیم لەوێ بداتێ تا بێبێنمەوە و ڕێنوێنیێ لێوەرگرم من بۆ خوێندن دەچمە مۆسکۆ.

" مام عەلی " کە لەو کاتدا لە پەنا کەتری و چایدان دانیشتبوو و چای تێدەکرد بێ سێ و دوو گوتی:

- مۆسکۆ. جادەی ١٢٩ خانووبەرەی ژمارە ١٥ دکتۆر سیامەند عەلی یۆڤ.

کورە نووسی و چایەکی خواردەوە وێرای سپاس لە مام عەلی وەدەرکەوت.

بە قەووڵی مامۆستا " هێمن " کورە تازە بەدبەخت بوو. ماوەیەکی زۆر دەبێ لە شتێک بگەڕێ کە وجوودی خاریجی نییە.

هەر لە بابەتە جارێکی دیکە و هەر لە هەمان چاپخانەی شۆڕش، کابرایەکی لە دونیا بێ خەبەری حیزبی کۆمۆنیستی عێراق بە سەردان لەوێ پەیدا بوو. " مام عەلی " کە وەک خاوەن زانست و شارەزا لەسەر وڵاتی سۆویەت نێوی دەرچووبوو لە نێو قساندا پرسی:

ـ ئەرێ مام عەلی ئەو ڕۆژنامەی " پراودا " ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی سۆویەت چۆناوچۆن چاپ و بڵاو دەبێتەوە؟

" مام عەلی " بە بێ ئەوەی مەحتەڵ بێ و بیری لێبکاتەوە گوتی: هەرچی زرو زبیل و پەین و پاڵ مۆسکۆ و دەورووبەری مۆسکۆیە بە کامێونان دەگوازێتەوە بۆ تۆنێلێکی کە وەک کەنالێک دەچێ و باندێکی لەسەر دامەزراوە ئەم باندە پەنیوپاڵ و زبلەکان هەرچی هەیە دەبا و پاش ماوەیەکی نە زۆر درێژ لە سەرەکەی دیکەی ئەو کاناڵە دوورودرێژە ڕۆژنامەی " پراودا "بە چاپکراوی و قەد کراوێ دێتە دەرێ.

" مام عەلی " جار جار مەشروبێکیشی دەخواردەوە کە لەو کاتانەدا ویرا بزەبزی سمێڵی چیرۆکی سەیر و سەمەرە کە زۆریش هەر خۆی قارەمان ویگێڕ دەردەچوو بۆ دەورووبەر دەگێڕاوە کە زۆریش بەجێو و ڕێ و گوێگر هەڵخەڵەتین دەردەچوون.

دەیگێڕاوە: کە دەگەڵ لەشکری سمکۆ بووە و فیدایی زەمانی سەتارخان تەنانەت ئاشنایەتی نیزێکی دەگەڵی هەبووە و ئیدی لەو چەشنانە، کاری بە وەش نەبوو کێ باوەر و گرینگی بە قسەکانی دەدا و کێ نا.

" مام عەلی "م خۆش دەویست، زۆرم ڕێز لێدەگرت. واهەبوو بۆ قوڵە سەفەرەکانی ئەو دەوران هاوڕێیمان دەبوو. جارێک لەو جارانە لە پایزە مانگی ساڵێدا بە یەکەوە لە دیدارێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕا کە ئەودەم لە ئاوایی " هەڵشۆ "ی ناوچەی سۆیسنایەتی جێگیر بوو دەگەڕاینەوە بنکەی " سۆنی " قەرارگای خۆمان. هەوا بە تەواوی تاریک و نمنەی بارانێک وڵاتی تەڕ کردبوو.

لە کەم شانسی " مام عەلی " جووتە کەڵاشێکی هەورامی و من پاتەی ئێرانیم دەپێدابوو، بنە کەڵاشی تەڕبووی، مام عەلی بە ڕێگای پڕ داروبەردی چیا بە عەرزیەوە گیر نەدەبوو هەموو جاری شلپەی کەوتنی دەهات. ئاخرێکەی هاواری لێ بڵیند بوو، ئاخر " عەلی عەجەمی " گەهبەباب! تۆی عەجەم چت لە شۆڕشی کورد داوە.

زانیم عاجز بووە پێلاوەکانم دەگەڵ گۆڕیەوە.

ئەرکی سەرەکی " مام عەلی " ئاشپەزی و عەمبارداری بوو، لە دەرەوەی ئەم دوو کارەش " مام عەلی " ساحیب ئیختیار و دەسەلاتدار بوو.

خۆی تاریفی ئاشپەزی خۆی لەبیر نەدەکرد، بەڵان ئەگەر پیاو بیوێرابا بڵێ بە هەق ئاشپەزێکی خراپ بوو. هەرچەند لە کێو و شاخی ئەو زەمان و گرمۆ هەرای تۆپ و تەیارە و کەمبوودی پێداویستیەکانی سەرەتایی ژیان دەستپۆختی مام عەلی هەر چیەک با بۆ تاریف نەدەشا.

جاریکێیان هێندێک برینجمان بە کۆڵبار لە ناوچەی سەردەشت ڕا بۆ هاتبوو کە هۆی مزگینی و کەیف خۆشی بوو. بۆ من، چونکە وەک ئێستاشی دەگەڵ بێ برینج خۆرم و لەو هەلوومەرجەێدا ئەوەندە برینجە لە حوکمی تۆتیا دابوو.

هەرچۆنێک بێ، خۆشی خۆشی پەیدا بوو، " مام عەلی " برینجی دەئاو کرد تا بۆمان لێنێ بە ویشکە پڵاو، هەر ئەوەندە بوو و تەواو، چی دیکە نەبوو تا بێ بە پێخۆری. بۆ جەمی نێوەڕۆ خەڵکەکە بەریز دانیشتن هەرکەسە برە پڵاوی خۆی لەسەر دەوریێ ئاڵمینئوم کە لەوێ پێدەکوترا "فافون" پێگەیەشت.

" مام عەلی " دەگەڵ جەماعەتەکە دانەنیشتبوو، بەڵکە بە پێوە هەر دووک دەستی بە چوارچێوەی دەرگاری ژوورەکە

گرتبوو و له خەڵکەکەی دەڕوانی کە خۆش یان ناخۆش، خەریکی ویشکە برینج خواردن بوون.

کەس ورتەی لەبەر نەدەهات، واتە نەیاندەوێرا هیچ بڵێین، تا نۆبە گەیشتە من، کە تامم کرد بێ خوی بوو، هەر خویی تێنەکرابوو. برینجی ڕووتی لە ئاودا کوڵاوی بێ خوی، هەر خوا بۆ خۆی دەزانی دەبێ چەند ناخۆش بێ.

دەوریم لەپێش خۆ وەلاناو گوتم: " مام عەلی " چۆن وادەبێ! پاش مووددەتها چاوەڕوانی ئەم هێندە برینجەمان دەست کەوتووە و تۆش ئاوا بە بێ خویی لە پێشمان دادەنێی.

گوتی: فلانکەس! من بە ئەنجەت و ئانقەست خویم تێنەکردووە تا بزانم " گەهبەباب"ێک هەیە کە بزانی و فەرقی بێ خوی و بە خوی لێک بکاتەوە؟

هەڵبەت لەبیری چوو بوو خویی تێبکا.

وەک لە پێشدا گوتم، " مام عەلی " نە زەمانی بۆ خۆی دەزانی و نە مەکان. دەورانی مەشڕوتەی دەگەڵ "سەتارخان " پێشتر دەگەڵ " لێنین " و " سمکۆ "... ڕێگای بۆ پرسیار لەسەر تەمەن و ساڵی " مام عەلی " بۆ کەس

نەهێشتبووە، مەگەر بۆ ئەوانەی کە نەیاندەناسی و پێی شارەزا نەبوون.

جارێک لەو جارانە گشتە خەڵکێکمان میوان بوون و مامۆستا هەژاریش یادی بەڕێزی بەخێر لەوێ بوو. " مام عەلی " بە بێچم و قیافەی ڕێکووپێکی خۆیەوە دانیشتبوو چایی تێدەکرد. کەسێک لە میوانەکان هەڵیدایە و پرسی:

ـ مام عەلی ئەتۆ تەمەنت چەند دەبێ؟

مامۆستا هەژار وەدەنگ هات و کوتی: کاکە تۆ پێتوایە ئێمە مانان " مام عەلی " کوڕی دایک و بابیکە و پاش نۆ مانگ و نۆ شەو نۆ ڕۆژێک لە دایک بووبێ؟

کابرا کوتی: ئەی چۆن؟

ـ نەخێر " مام عەلی " کوڕی هیچ دایک و بابێک نییە. مام عەلی هەر بەم سەروو سیما و هەر بەم تفەگەشەوە لە بن دار بە ڕوویەکی جەنگەڵ هاتۆتەوە دەر نە زەمانی هەیە نە مەکان.

"مام عەلی" بۆی تەسدیق کرد.

لەسەر داوای خۆی، مامۆستا هەژار یادی بەخێر بێ " مام عەلی " حەواڵەی چاپخانەی شۆڕشی ئەیلوڵ کرا تا یاریدەکار بی بۆ مامۆستا هەژار، هێمن و مامۆستا هێدی.

ئەو کات چاپخانەی شۆڕش لە ناوچەی گەڵالەی حاجی ئومەران لە دێی سوورە دێ و پاشتر لە دێی قەسری و دواتر کەوتە چوڵگەیەک لە بناری قەندیل و لە نیزیک مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی شۆڕش. لەو مەجالانەدا مامۆستا "هێمن" یش قەدەرێکی تەواو هەر لەم چاپخانەیەدا کاری دەکرد.

جاریکیان بۆ سەردان چوو بوومە خزمەت مامۆستایان، ئەو ڕۆژە هاووڵاتێکی ئاشنای ڕۆژهەڵاتی بۆ سەردان ڕێی کەوتبووە وێ، کە منی لەوێ دیت گوتی: فلانکەس دەبێ زۆر ئاگاداری خۆت بی دەنگۆ هەیە کە ساواکی ئێران بە دواتەوەن تا تێرۆرت کەن.

شەو دەرنگانی لە نۆرە کێشکی " مام عەلی "دا تەقەی تفەنگێک هات، هەمووومان لە خەو ڕاپەرین. چ بوو چ بوو؟ دەستی پێکرد " مام عەلی " هاتە ژوورەوە و گوتی:

ـ هیچ نیە نێگەران مەبن تارمایی کابرایەکم لەنێو داران دا دیت، تەقەم لێکرد. هەڵات ڕۆیشت.

سبەی ڕۆژ دەرکەوت کە " مام عەلی " سەگە سپی مقەرەکەی پێکاوە و کوشتویەتی، تەقەی شەو و مەسەلەی تارمایی حەیاتی مچەکەری سەگە سپی بریبوو. لە پرسو جوابی ئەمەدا کە سەگەکەت بۆچی کوشتووە! بەڵگە و دەلیلی دیناوە تا باس و خواس بگاتەوە ئێران و ڕژێیم بزانی چۆلەکەش ئەگەر بەنیەتی خراپ بە دەورووبەرەدا بێ، بە مەردووی سەگە سپی دەچێ.

خوێنەری بەڕێز: وەک گوترا " مام عەلی " ئەو کاتی ئێمە گەلێک تیئوری و بۆچوونی سەیر و نەگونجاوی هەبوو کە لە سەریان پێداگربوو. گوێ گرچۆنی لێکدەداوە و باوەر و قەناعەتی پێدەهات یان بە درۆی دادەنا کەیفی خۆی بوو.

" مام عەلی " بە هێندی نەدەزانی. لەم تیئوریانەیەکیش ئەوندە بوو کە " مام عەلی " دەیکوت:

ـ چی لەم جیهانە پان و بەرێنەدا هەیە بە گشت و لەسەر یەک لە نەوت پێکهاتووە یان لە نەوەت کەوتۆتەوە گریمان دار، بەرد تەنانەت خاک و خۆڵیش.

جارێک لە جاران، هەر لە چاپخانەی ڕۆژنامەی خەبات زمانحاڵی شۆڕشی ئەیلول لە دێی قەسرێ لە ناوچەی گەڵاوێ حاجی ئومەران دانیشتبووین و خەریکی خواردنی

نان و چای بەیانی بووین. بێجگە لە من کە بە میوانی لەوێ بووم، مابەقی کارگێری چاپخانەکە بوون کە لەنێو واندا سەعید ناوی عەرەب، ئەندامی حیزبی شێوعی کە کاری پیت چینی بە ئەستووە بوو دەگەڵدا بوو.

مامۆستا هێدی ( واتە خالید ئاغا حیسامی ) لە پێوەندی دەگەڵ تئیۆریی نەوتی " مام عەلی " دەستی برد و کوڵاوی بە دەورەی " مام عەلی " کە بە لەتکە لمەدێکی بڕیبوو و بە نێوی کڵاو لەسەری دەنا، لەسەر " مام عەلی " هەڵگرت و بردیە بەر دەمی سەعید و گوتی:

ـ سەعید ئەو کڵاوە لەچی ساز کراوە"

ـ لە لمەد

ـ نەت زانی لە نەوتە!

ـ نابێ لمەد چۆن لە نەوت دروست دەبێ؟

" مام عەلی " هاتە نێو باسەکەوە و کوتی:

ـ چۆن نابێ؟

ـ مام عەلی پێم بڵێ بزانم چۆن دەبێ!

ـ من پێت دەڵێم دەبێ، تۆ پێم بڵێ چۆن، چۆن نابێ!

خوێنەری هێژا:

نەقڵی " مام عەلی " وەک نەقڵی مار وایە، ئاو هەڵگرو نەبڕاوەیە و تا لەسەری بڕوی هەیە چی دیکە لەسەری ناڕۆم، ئەوەندەیە خاریج وبەدەر لەم تێئوری و بەسەرهاتانە کە نە قازانجیان بۆ کەس هەبوو و نە زەرەر.

" مام عەلی " بە هەق کەسایەتێکی هەڵکەوتوو و بە خزمەت بوو. کورد گوتەنی " وەک ئاردی بەهاروو بۆ هەموو ئەرکێک گونجاو بوو ".

" مام عەلی " پێشمەرگە بوو، ئاشپەز بوو، پێنەچی بوو، هەر کەس پێڵاوی دڕابا، دەرزی و درویشە " مام عەلی" بە فریای دەگەیشت. هەر وەک درزی و تەبەنەی لە کاردا بوو بۆ چنینەوە و درۆنەوەی دڕاو پێنە و پەڕۆ.

کۆڵەپشتی " مام عەلی " وەک کڵاوی سەخرەجند، چت پێویست بووبا تێدابوو. لە مێوژو گوێز و کلۆ قەند وەبگرە تا دەگاتە حەب و کەرە ستەی پانسمان، تەنانەت دەرمانی کێچ و ئەسپێش..... لەخۆ گرتبوو. هەڵدەکەوت " مام عەلی " کاری برینێچی و دوکتۆریشی وەئەستۆ بگرێ.

" مام عەلی " لە شکست هێنانی شۆڕشی ئەیلوڵ نڕابۆوە بۆ بەغدا و لەوێ لە دەفتەری حیزب ماوە.

له ئاخری و ئوخری ساڵی ١٩٧٩ لەسەرو بەندی شۆڕشی گەلانی ئێران ویرای پاشماوەی کادرەکانی حیزب گەڕاوە ڕۆژهەڵات و له ناوچەی سەردەشت و له پەنا بنکەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات له ژێر چاوەدیری زینده یاد " کەریم حەداد " و خانمی بەڕێزی جێگیر بوو.

لەم زەمانانەدا هەلێک بۆ منیش هەڵکەوت بچمەوە دیداری و سەردانی بکەم. ئەوسا زۆر پیر و کەنەفت ببوو. پاش ئەم دیدارە زۆر پێ نەچوو خەبەری کۆچی دوایی بەڕێزی ڕاگەیشت و له دێی " ئاغەلان " به خاک سپێرا.

هەزاران سڵاو له گیان و له ڕووحی ئەم مرۆ به خزمەت و لەخۆ بوردوه له پێناو ئازادی و کورددایەتێدا.

ئەمیر قازی

٢٠٢٢/٠٥/٣٠ سوئید

یەکەم جار کاک کەریم حیسامی لە کتێبی " لە بیرەوەریەکانم "دا باسی " مام عەلی عەجەم "ی کردووە و توانی بە جوانی کەسایەتی " مام عەلی " بە نەتەوەی خۆی بناسێنێت. دوای کاک کەریم بە خۆشیەوە کەسانی دیکە کە دەستیان بە نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆیان کرد کەم یا زۆر چەند لاپەڕەیان بۆ ناساندنی "مام عەلی" و قسە خۆشەکانی تەرخان کردووە.

عەبدوڵڵا پەشێو لە نامەیەک دا بۆ کەریم حیسامی لە بابەت " مام عەلی "دا دەنووسێ:

کاتێ باسی " مام عەلی عەجەم " کە دوازە ئیمامی بەجێ هێشتووە و بووە بە کورد، دەخوێنیتەوە، نازانی نە بگریێ نە پێبکەنی.

ئەو چایچییەی لە پیرمەم، دوای دوو جار تکالێکردنی هەر چای خەست دێنێ، پاشان کە جاری سێیەم تکای لێدەکرێ چایەکی سووک بێنێ، تووڕە دەبێ و هەر سێ تەلاق دەخوا کە حەیای چاخانەکەی خۆی نابا!

پیاو نازانێ ئەو چایچییەی خۆش بوێ یا ڕقی لێی هەلسێ! حەیف نەبوو، ئەو وێنانە ون بن و کەس نەیانخاتە سەر کاغەز؟!

نامەی عەبدوڵڵا پەشێو بۆ کەریمی حیسامی، لە کتێبی "ئیتر لە دەرگا نادا پۆستەچی! "، ئامادەکردنی: بوشرا کەسنەزانی وەرگیراوە.

" مام عەلی " وێنەیەکی جوان لە مرۆڤێکی خاوەن و پاک، زۆر سادە و بە کەمترین ئیمکانات ژیا. تەواوی ژیانی دەربەدەر و ئاوارە بوو، پێم وانییە خۆشی لە ژیانی دیتبێت. " مام عەلی " ئەگەر کورد نەبوو بەڵام لەگەڵ ئێمە ژیا و لە خۆشی و ناخۆشیکانی ئێمەدا شەریک بوو. زۆری خزمەت کرد و زۆری جەفا لە پێناوی نەتەوەی کورد کێشا.

کاک کەماڵی حەسەنپوور لە کۆمینت دا قسەیەکی خۆشی " مام عەلی " نووسیبوو کە من لێرەدا دێنووسمەوە کە ئێوەی بەڕێزیش بێ بەش نەبن.

دەڵێن جارێکیان وابزانم شەهید دوکتۆر قاسملو کە لەگەڵ هەڤاڵانی حیزبی دەبێ، دەڵێ: هاوڕێیان پێم خۆشە کۆبوونەوەیەک بکەین. ئەوانیش دەڵێن زۆر باشە، دوکتۆر چاو لە یەکێک لە هاڤاڵانی دادەگرێ و دەڵێ: ئێمە هەموومان کوردین تەنیا بێگانە لە ناوماندا " مام عەلی"یە بۆیە دەبێ ئەو بچێتە دەرێ و دوای کۆتایی کۆبوونەوەکە بێتەوە ژوور.

یەکێک لە هاڤڵانی دەڵێ: وەڵڵا کاک دوکتۆر ڕاست دەکا. مام عەلی گیان بێ زەحمەت بچۆ دەرێ، دوایە بۆ خۆمان بانگت دەکەینەوە ژوورێ.


"مام عەلی "یش هەڵدەستێ و دەڵێ: " گووندەرینە ئەمن بێگانەم؟ هیزبی دێموکرات بۆ خۆم دروستم کردۆتەوە، زۆر تووڕەم کەنەوە شەگێکی تێهەڵدەدەمەوە و دەیرووخێنمەوە.

کاک ئەمیر قازی لە کتێبی خۆیدا " لە بیرەوەرییەکانی سیاسیم "دا باسی " مام عەلی " کردووە و نووسینی ئەم بابەتەش دیسان بۆ یادکردنەوەی ئەو مرۆڤە خۆشەویستە بوو.

سپاسی بێ پایان بۆ هاوکاری سیمین ئیفتیخاری.

فاڕووق فەرهاد

٢٠٢٢/٦/١٤ سوئید



ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: شەهید حەسەن مینە، ڕەحمان کاژەیی، مام عەلی عەجەم، ؟




**مام عەلی عەجەم**



له ڕاستەوە: مام عەلی عەجەم، هێمن، کەریم حەداد، هەژار و....



د. ئاسۆ حەسەنزادە، مام عەلی عەجەم لە ڕۆژانی ئاخری ژیانیدا